**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٨)ی رۆژی ٢٠١٥/٤/١٣ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥

## یاسای ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوری کوردستان - عێراق بۆ راپرسی

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە کە لەم یاسایەدا هاتووە:

**یەکەم:** پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** پڕۆژە: پڕۆژەی دەستوری کوردستان - عێراق.

**سێیەم:** لیژنە: لیژنەییەکی تایبەتمەندە کار دەکات بۆ ئامادەکردنەوە و هێنانە کایەی سازان لەسەر پڕۆژەی دەستوری کوردستان - عێراق بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** لیژنەیەك بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ کە دەکرێت ئەندامی پەرلەمان بن، یان لە دەرەوەی پەرلەمان، بەمەرجێك پسپۆڕ یان خاوەن ئەزموون بن و، رێژەی ژنان و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە خۆبگرێت.

**دووەم:** لیژنەکە لە (٢١) بیست و یەك ئەندام زیاتر نەبێت.

**سێیەم:** پێویستە لیژنەکە لە ماوەیەکدا کە لە (٣٠) سی رۆژ زیاتر نەبێت لە رێکەوتی دەرچوواندنی ئەم یاسایە پێك بهێنرێت.

**چوارەم:** بڕیارەکانی لیژنە بە سازان دەبێت.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** لیژنە لە ماوەیەکدا کە لە (٩٠) نەوەد رۆژ زیاتر نەبێت لە رێکەوتی پێکهێنانیەوە، کارەکانی تەواو دەکات.

**دووەم:** ئەگەر لەو ماوەیەدا لیژنەکە کارەکانی تەواو نەکرد پەرلەمان بۆی هەیە بەپێی پێویست ماوەکەی بۆ درێژ بکاتەوە.

**ماددەی (٤):**

پڕۆژەی ئامادەکراو بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت.

**ماددەی (٥):**

کۆی پڕۆژەکە بە ڕەزامەندی لانی کەم (٣/٢)ی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان پەسند دەکرێت.

**ماددەی (٦):**

بە مەبەستی ئاگایی هاولاتیان، پڕۆژەی دەستوری پەسندکراو لەلایەن پەرلەمانەوە بە زمانەکانی پەیرەوکراو (کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی) چاپ و بلاّودەکرێتەوە.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ماوەیەکدا کە لە (٣٠) سی رۆژ تێپەر نەبێت رۆژێك بۆ ڕاپرسی گشتی دیاری دەکەن.

**دووەم:** ڕاپرسی بە ڕا دەربرین دەبێت لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

(ئایا رەزامەندیت لەسەر پڕۆژەی دەستوری کوردستان - عێراق؟)، وەلاّم بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت.

**سێیەم:** پڕۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بە پەسندکراو دادەنرێت.

**ماددەی (٨):**

ئەو مەرجانەی بۆ دەنگدەر لە دەنگدانی گشتییدا پێویستن بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو پێویستە لەو کەسەدا هەبێت کە بەشداری ڕاپرسی لەسەر پڕۆژەکە دەکات.

**ماددەی (٩):**

لەسەر لایەنی پەیوەندیدار پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٩ هەڵدەوەشێتەوە.

**سێیەم:** کار بە هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی (١١):**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لەپێناو هێنانە کایەی سازان و، دانانی میکانیزمی پێویست بۆ ئامادەکردنەوەی پڕۆژەی دەستور و پەسەندکردنی لە ڕاپرسیەکی سەرتاسەریدا ئەم یاسایە دانرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٨)ی رۆژی ٢٠١٥/٤/١٣ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥
## یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان ـ عێراق بۆ ڕاپرسی

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە کە لەم یاسایەدا هاتووە:

**یەکەم:** پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** پرۆژە: پرۆژەی دەستوری کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم:** لیژنە: لیژنەییەکی تایبەتمەندە کار دەکات بۆ ئامادەکردنەوە و هێنانە کایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستوری کوردستان ـ عێراق بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** لیژنەیەك بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ کە دەکرێت ئەندامی پەرلەمان بن، یان لە دەرەوەی پەرلەمان، بەمەرجێك پسپۆڕ یان خاوەن ئەزموون بن و، رێژەی ژنان و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە خۆبگرێت.

**دووەم:** لیژنەکە لە (٢١) بیست و یەك ئەندام زیاتر نەبێت.

**سێیەم:** پێویستە لیژنەکە لە ماوەیەکدا کە لە (٣٠) سی رۆژ زیاتر نەبێت لە رێکەوتی دەرچوواندنی ئەم یاسایە پێك بهێنرێت.

**چوارەم:** بڕیارەکانی لیژنە بە سازان دەبێت.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** لیژنە لە ماوەیەکدا کە لە (٩٠) نەوەد رۆژ زیاتر نەبێت لە رێکەوتی پێکهێنانیەوە، کارەکانی تەواو دەکات.

**دووەم:** ئەگەر لەو ماوەیەدا لیژنەکە کارەکانی تەواو نەکرد پەرلەمان بۆی هەیە بەپێی پێویست ماوەکەی بۆ درێژ بکاتەوە.

**ماددەی (٤):**

پرۆژەی ئامادەکراو بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت.

**ماددەی (٥):**

کۆی پرۆژەکە بە ڕەزامەندی لانی کەم (٢/٣)ی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان پەسند دەکرێت.

**ماددەی (٦):**

بە مەبەستی ئاگایی هاولاتیان، پڕۆژەی دەستوری پەسندکراو لەلایەن پەرلەمانەوە بە زمانەکانی پەیرەوکراو (کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی) چاپ و بلاَودەکرێتەوە.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ماوەیەکدا کە لە (٣٠) سی رۆژ تێپەر نەبێت رۆژێك بۆ ڕاپرسی گشتی دیاری دەکەن.

**دووەم:** ڕاپرسی بە ڕا دەربرین دەبێت لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

(ئایا رەزامەندیت لەسەر پڕۆژەی دەستوری کوردستان ـ عێراق؟)، وەلاَم بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت.

**سێیەم:** پڕۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بە پەسندکراو دادەنرێت.

**ماددەی (٨):**

ئەو مەرجانەی بۆ دەنگدەر لە دەنگدانی گشتییدا پێویستن بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو پێویستە لەو کەسەدا هەبێت کە بەشداری ڕاپرسی لەسەر پڕۆژەکە دەکات.

**ماددەی (٩):**

لەسەر لایەنی پەیوەندیدار پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٩ هەڵدەوەشێتەوە.

**سێیەم:** کار بە هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی (١١):**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاَودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناو هێنانە کایەی سازان و، دانانی میکانیزمی پێویست بۆ ئامادەکردنەوەی پڕۆژەی دەستور و پەسەندکردنی لە ڕاپرسیەکی سەرتاسەریدا ئەم یاسایە دانرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**